# له بەردەم حەزرەتی شیعر دا

**فـەهـد گــردەوانی**



شیعر چەند فەقیرە،
جار جارە بەستەزمانە.
ئەوەی هات و رۆیی
بە چەند و هەند
هەندێک ووشەی
خۆشی و ترشی
جوانی و خۆشەویستی
بە سەر کەناری رووحی شیعر دا
روو دەکەن و پاشان
کەناری دڵ پڕ خۆشەویستی
دەکەن و بەجێی دەهێڵن
بۆ هەردوو ئەڤیندار.
ئەتوی یەکەم یان دووەم،
ئەمنی دووەم یان یەکەم،
کامەیان لە بەرامبەر شیعردا
دەست لەملی یەکتر دەکەن .
شیعر لە بەرامبەر هەردووکیاندا
وەکو جاران بەرە و پێشەوە
هەنگاو دەنێ .
هەتا دەگاتە
قەراخی لێو ،
لەوێش لێوەکان
خۆیان لە یەکتر دەئالێنن .
جارێکی تر شیعر
شوێنیان بۆ
جێ دەهێڵێ .
بەرە و لایەکی تر
بارگەی هەڵدەگرێ
ئەوەندەی شیعرم ناسیووە،

هەر لەگەڵ
مرۆڤ دەژی و بەتەنها
جێی ناهێڵێ .
نەخوێندەوار : دوو دێرە شیعر دەڵێ
ژن : سەما بە شیعر دەکات
منداڵ : گۆرانی بۆ شیعر دەڵێ
پیر : پێکەنین بە شیعر دەخا
گەنج : مۆسیقا و ئاواز و شایی
بۆ شیعر دەڵێ .
مردووەکانیش بە رەشپۆشی
شیعر دەڵێن .
زیندووەکانیش ووردە ووردە
بە ناخی
شیعر دا دەچنەوە خوارێ .
شیعر شەو و رۆژ شەهید دەکرێ و
دیسان لەدایک دەبێتەوە .
شەهیدێکە ، هەرگیز ناگرێ .
بەڵام هەردەم پێدەکەنێ .
شەهیدێکە لە دوایی راستی دەگەڕێت و
لە سەر لێوی راستگۆیان دەدرەوشێتەوە .
نەفرەت لە درۆ و درۆزن دەکات .
شیعر باوەشی ئەوەندە گەرم و خۆشە
شەهیدەکان لە باوەشی دەخەون .
شیعریش لەگەڵ شەهیدەکان
هەردەم لە خەو دایە.
شیعر لەگەڵ بلوێری شمشاڵی شوان دا
ئاواز بۆ مێگەلە مەڕەکان
دەژەنێ .
لەگەڵ شوان
لەقەراخی پەرێز ، لەناو کەندا
نان دەخوات .
ئێوارانیش لەگەڵ
زەنگوڵی پەزەکان و
بەرانی ناو مەڕان زەنگی لێدەدا و

**بەرە و گوند شۆڕ دەبێتەوە .**
**شەوانیش بۆ**
**چاو چاوێنی شیعر دەچووە**
**ژووانی**
**بێریان و کچانی گوند**
**لەگەڵ کوڕە جوتیار و**
**سەپان و گاوان و شوانان .**
**شیعر**
**لە سەنگەری پێشمەرگە دا ،**
**وەکو قەڵغان**
**پارێزگاری**
**لە سینگی پێشمەرگە دەکات.**
**شیعر**
**دار و بەرد و کانیاو**
**لەگەڵ روحی مرۆڤی کورد دا**
**گرێ دەدات .**
**خاکی کوردستان**
**بە مرۆڤایەتی ،**
**ئاشنایی دەکات .**
**شیعر هەر شیعرە**
**هەر شیعر .**

ئایاری 2005هــەولــێـر